# شاخەوان نەقشبەندی کاندیکراو بۆ پەرلەمانی فنلەندا




نەوزاد- سوید



3/18 رۆژی دەنگدانە بۆ پەرلەمانی فنلەندا کە تیایە چەندان حزبو ڕێکخراوی سیاسی لە ململانێدان بۆ بە دەستهێنانی زۆرترین کورسی لە پەرلەماندا،تا ئێستاش لە فنلەندا وەک زۆربەی وڵاتانی ئەورووپی حزبی بەرنامە چەپخوازو حزبی بەرنامە ڕاسترەو وەک دوو عەقڵی هەڵبژاردن خۆیان نمایش دەکەن تا زۆر جار لەسەر بنەماکانی ئەو ئایدۆلۆژیەتە جەمسەرگیر دەبنو لە شێوە بەرەیەکی پەرلەمانیدا حکومەت پێکدەهێنن.

فنلەندا لەبەر ئەوەی ڕێژەی بێگانەی کەمە، دەبینین کاندیدکراوی بێگانەشی بۆ پەرلەمان زۆر کەمە بە تایبەتی کورد، ئەوەی ئێمە دەرکمان پێکردووە کە لە هەموو لیستی کاندیکراوی حزبەکانی فنلەندەدا تەنیا دوو کەسی بە ڕەگەز کورد هەن کە یەکێکیان شاخەوان نەقشبەندییە.

لە نامەیەکدا کە ئاڕاستەی کردووم بەم شێوەیە شاخەوان خۆی دەناسێنێت ؛ ناوم شاخۆ سادقە، بەڵام بە شاخەوان نەقشبەندی ناسراوم،خەڵکی گوندی ماویلیانم لە بناری شاخی هەندرێن سەربە ناوچەی ڕواندز لە کوردستانی خواروو، دەرچووی پەیمانگای مامۆستایانی هەولێرم،17 ساڵە لە فنلەندا دەژیم ،نزیکەی 14 ساڵە وەرگێری فنلەندیم لە فەرمانگەی پەنابەران کە وەرگێڕان بۆ پەنابەری کوردو فارسو عەرەب دەکەم، وەک مامۆستاش وانە بەمنداڵانی کورد دەڵێمەوە، ئەندامی کارای کۆمەڵەی منداڵپارێزی فنلەندام، هەروەها کتێبێکیشم لە ژێر ناوی لە کوردستانەوە تا تامیساری بە زمانی سویدی نووسیوە کە تیایە لە نەهامەتییەکانی گەلی کورد دواوم کە دووچاری کیمابارانو ئەنفالو سیاسەتی جینۆساید بۆتەوە.

پ- چۆن کەوتیتە ناو ژیانی حزبایەتی فنلەندی؟

و- پاش ئەوەی لەم وڵاتە گیرسامەوەو کەمێک لە ژیانی سیاسیو کۆمەڵایەتی وڵاتەکە شارەزا بووم، هەستم کرد کورد لێرە پێویستی بە ناسینو تێکەڵاو بوونی کۆمەڵگاکە هەیە، تابتوانین لەم ڕێگایەوە هەم موعاناتەکانی خۆمان وەک پەنابەر بە گشتیو کێشەی نەتەوەکەمان بە تایبەتی بگەیەنین، بە رای منو سەدان کەسیتر پێویستیمان بەوەیە کە لە حزبو کۆمەڵە مەدەنیەکانی ئەو وڵاتانەی تیایدا دەژین نزیک ببینەوەو کاریان تێدا بکەین، نزیک بوونەوە لە سەنتەرەکانی بڕیار لە وڵاتانی ئەورووپاو وڵاتانیتری دیموکراتی جیهان،بە سوود بۆ کێشەی نەتەوەکەمان دەگەڕێتەوە.

ساڵی 1996 بۆ یەکەمجار لە کاری ڕێکخراوەیدا لە کۆمیتەی ئاشتی فیلەندابوومە ئەندامو دوای دوو ساڵ لە چالاکی نواندن بۆ دەستەی بەڕێوەبەرایەتی هەڵبژێردرام،لە چەندین کۆنفرانسو

سیمیناری نێو دەوڵەتی ئاشتی لە مەکسیکۆ ، بەرازیل،هۆڵەندە، یابان... هتد بەشداریم کردووە، لە زۆربەی کۆنفراسەکانیشدا وتەم پێشکەش کردووەو لە کێشەی نەتەوەکەم دواوم.
دوای ئەوەی هەشت ساڵ لە ریزەکانی پارتی سەوز کارم کرد لە ساڵی 2005 کاندیدکرام بۆ ئەندامی ئەنجومەنی شارەوانی شاری تامیساریو وەک ئەندامی یەدەگ دەرچووم، ئەمە بۆ من ئەزموونێکی باش بوو.
پ- تکایە بە کورتی باس لە پەرلەمانی فنلەندی لە نێوان دوێنێو ئەمڕۆدا بکە؟
و- مێژووی پەرلەمانی فنلەندا بۆ رۆژگاریی سەربەخۆیی وڵاتەکە دەگەڕێتەوە واتە ساڵی 1918، لەم دەورەیەی پەرلەمانی ئێستادا کە تەمەنی کەمتر لە مانگێک ماوە کورسییەکان بەم شێوەیەن؛پارتی سەنتەر 54 کورسی، سۆسیال دیموکرات 53 کورسی، پارتی هاوکاری 42 کورسی،چەپەکان 19 کورسی، سەوزەکان 14 کورسی، پارتی سویدی 9 کورسی، پارتی مەسیحی 6 کورسی، پارتی فنلەندییەکان 3 کورسی، واتە 8 حزب پەرلەمانیان پێکهێناوە.
پ- چۆن دەڕوانیتە ئەنجامی پارتەکەت؟
و- زۆر لێکۆڵەری سیاسی پێیوایە کە پارتی سەوز لەم هەڵبژاردنەدا ژمارەی کورسییەکانی زیاد دەکات،چونکە ئەوان پێیان وایە کە بەرنامەی هەڵبژاردنەکەی زۆر واقعییە، بۆ فنلەنداو سیاسەتی کاری دەرەوەشدا گونجاوە.
پ- سیستەمی حوکم لە فنلەندا چۆنە؟
و- سیستەمی حوکم پەرلەمانییە، بەڵام سەرۆک کۆماریشی هەیە،کە بە گوێرەی دەستووری وڵاتەکە دەسەڵاتی دیاریکراوە.
پ- ئایا لەم هەڵبژاردنەدا دەنگدەر تەنیا دەنگ بۆ پەرلەمان دەدات؟
و- بەڵێ ئەم هەڵبژاردنە تەنیا بۆ پەرلەمانەو دەنگیش بە کەسی کاندیدکراو دەدرێت نەک بە لیست.
پ- بۆ پارتی سەوزت هەڵبژارد کە کاری تیایدا بکەیت؟
و- خاوەنی سیاسەتێکی ئاشکراو روونە بەرامبەر بە کێشەی کوردو داکۆکیکارێکی بەردەوامیشە،ئەمەو بێجگە لە داکۆکیکردنیان لە خەڵکی بێگانە،هەروەها بەرنامەی کارو پەیڕەوی پارتەکەش سەرنجی راکێشاوم.
پ- ئایا دەمێکە کورد بە مەبەستی پەنابەری رووی لە فنلەندا کردووە؟
و- ئەگەر فنلەندا بە سویدو وڵاتانیتری ئەورووپی بەراورد بکرێت ئەوە کورد لەم وڵاتەکەدا مێژوویەکی ئەوەندە دوورو درێژی نیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا من وای دەبینم کە پرۆسەی تێکەڵاو بوونی کورد لەگەڵ کۆمەڵگای فنلەندیدا باش چۆتە پێش.
پ- ئەی پەیوەندی کوردو ژیانی سیاسی لەگەڵ حزبە سویدییەکان چۆن دەبینیت؟
و- هەست دەکەم پەیوەندییەکە تازە لە سەرەتایە بەڵام بە خوێندنەوەی من وای دەبینم کە لە زەمەنێکی نزیکدا بەرهەمی بەرچاوی دەبێت.
پ- لە کاتی دەرچوونتدا بەرنامەت لە پەرلەماندا چییە؟
و- من لە پەرلەماندا کار لەسەر ئەم تەوەرانە دەکەم؛
- هەوڵ دەدەم ببمە پردی پەیوەندی نێوان کوردو عیراقیو وڵاتی فنلەنداو حکومەتی هەرێمی کوردستان.
- داڕشتنی سیاسەتێکی گونجاوو واقیعی بۆ تێکەڵاو بوونی خەڵکی بێگانە لەگەڵ کۆمەڵگای فنلەندیدا.

– هەوڵ دەدەم فنلەندا باشتر دەرگای خۆی بە رووی هاتنی بێگانە بۆ وڵاتەکەی بکاتەوە چونکە لە حاڵەتی بەراورد کردنی فنلەندا بە وڵاتانیتری ئەورووپا رێژەی بێگانەی کەمە.
– زیادکردنی دەرماڵەی خوێندکارانو منداڵان.
– پاک راگرتنو خزمەتکردنی سرووشتو ئاوو هەوا.
– وڵاتێکی هەمە کلتورو هەمە ئێتنیک، کارکردنی پێکەوەیی خۆشترو رەنگاو رەنگتر دەکات.
خوێنەری خۆشەویست بۆ باشتر ناسینو بەرنامەی کاری کاندیدکراو بۆ پەرلەمانی فنلەندا، دەتوانن سەیری ماڵپەڕەکەی بکەن: www.shakho.net

هەروەها لە رێگای ئیمایلەکەی دەتوانن پەیوەندی پێ بکەن.
shakhosadiq@hotmail.com